# یاساکانی شریعەتی اسلام لەنیوان لیبرالیزم و سکولاریزمی دەولەتی کەنەدادا

**کەژال حەمە رەشید**\ kazhalh@yahoo.com

**نفوزی گەشەکردووی ئیسلام لە وولاتیکی مۆدیرنی وەك کەنەدادا داوای دامەزراندنی دادگای شریعەتی ئیسلامی دەکات بۆ بەریوەبردنی سیستمی خیزانی خیزانە کۆچکردوە موسولمانەکانی دانیشتوی کەنەدادا بە پیی سوننەتو تەقلیدی باوی ئیسلامو شەریعەت لە چوارچیوەی یاساکانی دەولەتی سکۆلاری کەنەدادا. ئەم داوایەی ئیسلامیەکان لەلایەك خەریکی خۆسە پاندنو قبول بوونە لەلایەن دەولەتەوە لەژیر ناوی لیبرالیزمی دەولەتو ئەنتی رەیسیزمو مەلتیکەلچەرەلیزمدا ، بەلام لەلایەکی تر لەژیر رەخنەو رەتکردنەوەدایە لەلایەن خەلكو کەسایەتیو لایەنە علمانیو سکولارەکانی ئەو وولاتەوە.**

- **پەنابەرانی کۆچکردوو لە وولاتانی عەرەبی و وولاتانی لە بابەت ئەفغانستانو ئیرانو پاکستانو...بەشیکی بەرینی پەنابەرانی وولاتانی ئەوروپاو ئەمریکای پیکهیناوە. ئەمانە لەلایەك هەلهاتووی دەستی هەژاریو نالەباری ژیانی ئابوریو جەنگو کوشتارو کیشەی سیاسین ، لەلایەکی تریش هەلهاتووی دەستی خوو نەریتو کۆنە پەرستیو یاسای داسە پینراوی دینی ئیسلامن. ئەمانە کە روو لە کۆمەلگا رۆژئاواییەکان ئەکەن بەتایبەتی ئەو بەشەی کە راستەو خۆ لە دەستی کۆنە پەرستی هەلهاتوە لیرە لەگەل مددەنیەتو سکۆلاریزمو رەوتی گەشەسەندووی کۆمەلگای نویدا خۆی سازو ئاویزان دەکات، بەلام بەشیکی تری ئەم کۆمیونتیە بەهۆی باکگراوندیکی هیجگار کارلیکردووەوە توانای تحمولکردنی گۆرینی کولتورو خوونەریتو رەوشتی دواکەوتوانەی نیە بە هەموو کۆنە پەرستیو ناتەباییەکەوە کە هەیەتی لەگەل کۆمەلگەی مۆدیرندا. ئەم ناوەندو کۆمیونتیانەی وولاتانی شرق بوونەتە دەسمایەو فرسەتیکی باش بۆ گەشەو برەوی ئیسلامی سیاسی لە رۆژئاوادا.**

- Multiculturalism \ **سیستمی بەریوەبردنی کۆمەلگا لەزۆربەی وولاتانی رۆژئاوا لە پەیوەند بە کولتورو دینو مەزهەبە جیاوازەکانەوە یارمەتی دەریکی ترە بۆ فرسەتدان بە گەشەی ئیسلامو دینو خوو نەریتی کۆنە پەرستانە لە ژیر ناوی** "Multiculturalism " **فرە کەلچەریو بیرو باوەری بەناو دژی رەیسیزمو لیبرالیزمی دەولەتدا. کەنەدا یەکیکە لەو وولاتانەی کە حکومەتی لیبرال بەریوەی دەباتو کۆمیونتی بەرفراوانی جۆراوجۆری زیاد لە** 150 **وولاتی لە خۆ گرتوە بە خوو نەریتو کەلچەرو دینو مەزهەبە جیاوازەکانیانەوە. دەولەت بۆ سوود وەرگرتن لەهیزی کاری هەرزانی ئەمانە لەلایەكو، لایەکی تریش بۆ بەرگرتن بە لیکترازانی ئەم کەلچەرو دینە جیاوازانە سیستمی** Multiculturalism **ی قبول کردوە تەنانەت بۆ بەرگرتن بە کیشەی کەلچەرو دینەکان قسەوباسو لیکدانەوە لە پەیوەند بە تایبە تمەندی دینو کەلچەرەکانەوە شکلیکی نارەوایی وەرگرتوە.**
- Racism \ **هەلویستو ئیحساسی دژی راسیستی کە بەشوین میژوویەکی دوورو دریژ لە خەباتی بەشیوەیەکی تایبەت رەشپیستەکاندا هاتوە ، باوەریکی تارادەیەك جیگیرە تەنانەت دەولەتانی رۆژئاوا بۆ قسەکردن لە دیموکراتیەتی خۆیان بە سیفەتی دژی راسیستیەوە دەنازن. بەلام ئەوان بەسوود وەرگرتنی قازانج پەرستانە لەم حالەتە ریگە بەدەرکەوتنو لەئارادابوونی جۆرەها سیمای ناشارستانی لەچەشنی حیجابو رەمزەدینیەکان دەدەن تەنانەت خوورەوشتو چالاکی تیرۆرستانەو دژی ئینسانیان ریگە پیدراوە لەژیر ناوی ئازادیو هەلویستی دژی راسیستیدا. هەر بۆیە ووجوودی حیجابو رەمزە دینیەکانو مزگەوتو تەنانەت سە پاندنی سوونەتو عاداتی کۆنە پەرستانەیان بەسەر منالانی لەدایك بووی کەنەدادا شکلی رۆتینی وەرگرتوە. بەجۆریك وەختیك حکومەتی فەرەنسا بریاری ریگەگرتنی بەدەرکەوتنی رەمزە دینیەکان دا لە فەرەنسا بەتایبەت حیجاب ، دەولەتی کەنەدا ئەم کارەی بە هەلویستیکی راسیستی حکومەتی فەرەنسا ناو دەبرد ، هەروەها**

ئەمە رای بەشیك لەلایەنە چە پەكانیش بوو. بەم شیوەیە ئیسلامی سیاسی هەل‌ومەرجیكی لەباری بۆ رەخساوە بۆ گەشە كردن ئەوەتا داوادەكەن سوونەت‌و رەووشت‌و عادات‌و یاسای دواكەوتوانەو دژی ئینسانی‌و تیرۆرستانەیان ببیت بە بەشیك لە یاساكانی دەولەتی سكۆلاری كەنەداو دادگای تایبەتی شریعەتی ئیسلام بۆ ئەوان دامەزریت بۆبەریوەبردنی هەل‌ومەرجی خیزانیان.

- هەلویست‌و كاردانەوەی خەلك لەم پەیوەندەدا :

سیستمی علمانی‌و مۆدیرنیزم لە كەنەداو باقی وولاتانی رۆژئاوا بەرهەمی خەبات‌و قوربانیدانی چەندین سالەی خەلكە نەك دەولەت ، بۆیە لە ئیستاشدا دامو دەزگاو دەولەت دەتوانن مل بدەن بە جیگەگرتنەوەی كۆنە پەرستی‌و دواكەوتووی و لەم بارەیەوە ئاسانكاریش بكەن ، بەلام خەلكی سكۆلار تەواو نارەحەتن لەمبارەیەوە . ئەوەی پیش هەرشتیك پیی نارەحەتن سیمای ناشارستانی حیجاب‌و رەمزە دینیەكانە لە پال ئەو گەشەو چوونە پیش‌و رەونەقەی كە ئەوان بەدەستیان هیناوەو قوربانیان لە پیناودا داوە. بەشیكی زۆر لە رۆژنامەنووسان‌و رۆشنبیران‌و نووسەران لەرۆژنامەكاندا هەلویست دەگرن لەم بارەیەوەو قبولكردنی یاسایەكی كۆنی وەك شریعەتی ئیسلام بەبەشیك لە دادگاكانی دەولەتی كەنەدا بەكاریكی دژی رەوتی سكۆلاریزمی لیكدەدەنەوە، هەندیكی تر بە پیشیلكردنی یاساكانی حكوموتی فیدرالی ناودەبەن . لەلایەكی تر بەشیكی زۆرگلەیی لەوە دەكەن كە قبولكردنی دامەزراندنی ئەم دادگایەو ئەم یاسایە تەنها لەلایەن دەولەت‌و پەرلەمان خۆیانەوە كراوەو دەلین ئەم كارە راویژی لەسەر نەكراوە، هەربۆیەش ئەم كارە بە ئەنتی دیموكراتیك بوونی دەولەت‌و گالتەجاریكردن بە ئازادی"Freedom" باس دەكەن. ئەوان ئەلین گەر مانای Freedom قبولكردن‌و داخلكردنی هەمووشتیك‌و هەموو جۆرە یاسایەك بیت بەباش‌و خرا پەوە ئەوا ئیمە دەبیت بیریكی تر لەم مەسەلەیە بكەینەوە، ئیمە ناتوانین فەخر بەم كارەوە بكەین. ئەوان واتە ئیسلامیەكان ئەبی حالەتیكی مامناوەندی لە نیوان بیروباوەرو دینەكەی خۆیانداو یاساكانی دەولەتیكی سكۆلاری وەك كەنەدا وەرگرن. ئەوەی ئیمە ناتوانین قبولی بكەین یاسایەك بۆ ئیسلامەكان‌و یاسایەكیش بۆ ئەوانی تر.ئیمەتەنها یاسایەكمان هەیە بۆ هەموان ئەمەش ئەو ناسنامەیەیە كە كۆمەلگای كەنەدی وەك كۆمەلگایەكی مۆدیرن پی دەناسریتەوە. بەشیكی تر ئەم كارە بە دریژەی هیرشەكەی 11 ی سیبتمبەر وەك شەری ئیسلام لە دژی رۆژئاوا لیكدەدەنەوە "تیبینی : ئەم بیرو رایانە لە بابەتەكانی دا Toronto Star دا رەنگیانداوەتەوە كە لە بارەی دانانی دادگای شەریعەت لە كەنەا نووسراون لەلایەن رۆژنامەنووسان و رۆشنبیرانەوە". ئەم كارە هەنگاویكی تری ئەوانە بۆ بەریوە بردنی كاری تیرۆرستانەیان جاریك بەرامبەر رۆژئاوا جاریكی تریش بەرامبەر منال‌و گە نجەكانی خیزانەكانیان كە بریارە بەفەرهەنگی نوی‌و تەقلیدی كەنەدی گۆشكرین.

بەلی خەلكی علمانی مەدەنی كەنەدا سەرسامن كاتیك دەبیستن كە لە یاساكانی شریعەتی ئیسلامدا ژن نیوەی میراتی پیاوی پی دەدریت‌و بەنیوەش قبول دەكریت لە شایەتیدا لەكاتیكدا ئەمە نیوەی ئەو حیكایەتە ترسناك‌و وەحشیانانەیە كە شریعەتی ئیسلام بەرامبەر بە ژن بە شیوەیەكی تایبەت هەیەتی،ئەوان دەلین ژنان لە كەنەدا دەبی لە هەموو مافەكانیان بەهرەمەند بن بە جیاوازی دین‌و نەژاددو رەنگیانەوە. بەلی كەیسەكانی فادیمە شاهیندال‌و هیشوو روایەتی دەیان ژنی پاكستانی‌و ئەفغانی‌و ...كە رۆژانە چیرۆكی تیرۆركردنیان لە رۆژنامەكاندا بلاو دەبیتەوە زەنگیكی خەتەرناكە تا كۆمەلگای كەنەدی بەرامبەر قبولكردنی دامەزراندنی دادگایەكی وەك شریعەتی ئسلام بكاتەوە .

بەكورتی دەولەتی لیبرالی كەنەدا لەژیر ناوی هەلویستی دژی راسیستی‌و فرە كەلچەری‌و ئازادیدا قبولی دامەزراندنی دادگای شریعەت دەكات، لەبەرامبەردا علمانیەكان هەم بۆ پاراستنی علمانیەتی كۆمەلگاو هەم بۆ رەخنەگرتن لە نادیموكراتیك بوونی دەولەت لە پەیوەند بەم بریارەوە هەلویست دەگرن.

2004\7\11